# کۆبوونەوەی جیهانی کۆنگرەی ئازادی عیراق لە ژاپۆن،بەووتاری سەمیر عادل دەست بەکارەکانی دەکات

### " خەونەکەبوو بەڕاست" گۆرانیەک بوو پێشکەش بەکۆنگرەی ئازادی عیراق کراو کۆنگرەی پێ کرایەوەلەئۆساکا

سەمیر عادل سەرۆکی کۆنگرەی ئازادی عیراق ڕۆژی 18ی ئۆکتۆبەر گەیشتەژاپۆن و یەکەم کۆڕەکانی لەشاری کیۆتۆ دوایی لەئۆساکا لەژێر ناوونیشانی " کۆبوونەوەی جیهانی بۆکۆنگرەی ئازادی عیراق" دەست پێ کرد.سەمیرعادل لەووتارەکانیدا کەسەدان کەس ئامادەی بوون ،ئیشارەی بەڕاگەیاندنی بیرۆی ڕاپەڕاندن کرد لەسەر هەل ومەرجی سیاسی لەعیراق و شکست هێنانی پڕۆژەی ئەمریکی و ئەوهێزەسیاسیانەی کەپشتیوانیان لەسیناریۆی داگیرکاری کرد لەعیراق.هەروەها ئیشارەی بەتەنگەژەی هەل ومەرجی ئەمنی وشەری ناوەخۆیی تایەفی کرد.

سەمیر عادل لەووتارو چاوپێکەوتەنەکانی کەلەگەلیدا سازدرا ،جەختی لەسەر دروست کردنی هیزی ئەمان کرد،کەبەشێوەیەکی تێروتەسەل باسی شێوەکاری کارکردن وچۆنیەتی پەوەست بوونی خەلک پێیەوە.پێشوازی ئامادەبوان لەهێزی ئەمان زۆر بوو،بەپەرۆشەوەگوێ بیستی هەوالەکانی بوون و ،خۆشحالی خۆیان و هیوایان بەسەرکەوتنی بەرەی مرۆڤایەتی لەعیراق پتربوو.بەکۆمەک کردنی مالی بۆ کەنالی ئاسمانی کۆنگرەپشتیوانی خۆیان دەربڕی.سەمیر عادل پێ ی ڕاگەیاندن کەلەداهاتوویەکی نزیکدا کەنالی تەلەفزیۆنی کۆنگرە" سنا" دەست دەکا بەپخشی بەرنامەکانی،هەروەها باسی لەزوربەی ئەوپرۆژانەکرد کەکۆنگرەکاریان لەسەردەکات،وەک ڕێکخراوی پزیشکانی کۆنگرەو ناوەندی پارێزگاری لەمندالان...

کۆڕەکان بەگۆرانی " خەونەکەبووبەڕاست"کەپێشکەش کرابوو بەکۆنگرەی ئازادی عیراق دەست پێدەکران،کەلەلایەن تیپی مۆسیقای کابودان ی لاوانەوەپێشکەش دەکران.پاشان دەست کرا بەپێشکەش کردنی دۆکیومێنت لەسەر هەل و مەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری لەعیراق و هەروەها لەسەر کارو چالاکی یەتازەکانی کۆنگرەی ئازادی عیراق.

پاشان سەمیر عادل ووتارێکی 40دەقیقەیی پێشکەش کرد لەسەر هەموو لایەنەکانی هەل ومەرجی سیاسی لەعیراق و ئەلتەرناتیفەکانی کۆنگرەی خستەبەر دەست.ئنجابەوەلام دانەوەی پرسیاری ئامادەبوان و پێشکەشکردنی دیاری بەکۆنگرەی ئازادی عیراق ،کە لەلایەن سەمیر عادلەوەوەرگیرا،کۆتایی بەکۆبوونەوەکەهات.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**

**کۆنگرەی ئازادی عیراق**

2006/10/20